تەمموزی ٢٠٢٠

# پرۆسەی گەڕانەوە لە سلێمانی[1]

## پێشەکی

گرووپی کاری گەڕانەوە (**RWG**) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی دیاری کردنی پرۆسەی گەڕانەوە (**RPM**) بۆ ڕوون کردنەوەی ڕێکارە گشتیەکان کە پێشبینی دەکرێت ئاوارەکان پێی پابەند بن بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان. دیاری کردنەکە بریتی دەبێت لە بەشداری کردن لەگەڵ ئاوارەکان، دەسەڵاتداران و هاوتاکانی حکومەت، وەهەروەها لە هەر کوێیەك کە پەیوەست بێت لەگەڵ قەوارەکانی بەڕێوبردنی کەمپ. ئامانجی دیاری کردنەکە بەرزبوونەوەی ئاستی ووشیاری لایەنە کاراکانە کە بەشداریان کردووە لە ڕێکارەکانی گەڕانەوە سەرەڕای چوونە ناو دیالۆگ لەگەڵ هاوتاکانی دەسەڵات بۆ هاوبەش کردنی ڕەخنەو پێشنیار لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەشداریان کردووە لە پرۆسەکە، بەتایبەتی ئەگەر هەلی ئاسان کردنی پرۆسەکە هەبێت بۆ ئاوارەکان. دیاری کردنی پرۆسەی گەڕانەوە جەخت دەخاتە سەر سلێمانی، و پرۆسەی گەڕانەوە دیاری دەکات بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی ناوەوەو دەرەوی کەمپ بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەیان لە سەڵاحەدینن (ناوچەی ڕەسەنی زۆربەی ئاوارەکانی ناو سلێمانی).

## تێڕوانینی گشتی بۆ سلێمانی




هەموو زانیاریەکان پەیوەندیدارە لە کاتی نووسین دا و لەوانەیە شیانی گۆڕانکاری بێت. دیاری کردنی پرۆسەی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی تر لە عێراق دەتوانرێت ببینرێت لە لینکی خوارەوە.

پارێزگای سلێمانی ١٣٩,٨٦٠ کەسی ئاوارە خانەخوێ دەکات (بەپێی ڕاپۆرتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، حوزەیرانی ٢٠٢٠)، کە زۆربەیان لە قەزاکانی سلێمانی نیشتەجێن. زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسی ئاوارە لە دەرەوەی کەمپ نیشتەجێن، لەکاتێکدا زیاتر لە ١٥ هەزار کەس لە ناوەوەی کەمپ نیشتەجێن. پارێزگای سەڵاحەدین پارێزگای ڕەسەنی سەرەکیە بۆ ئاوارەکانی ناو سلێمانی (٣٦,١٦٢ تاکە کەسە)، کە پارێزگای دیالە و بەغداد و ئەنبار بەدوای دادێت. زۆربەی ئاوارەکانی ناو سلێمانی (نزیکەی ٧٠٪) زیاتر لە سێ ساڵ ئاوارەبوون، لەبەر ئەوە ڕەچاو دەکرێن کە مەترسی ئاوارەبوونی درێژخایەنیان لەسەر بێت. لەنێوان نیسان و حوزەیرانی ٢٠٢٠، زیاتر لە ١٢٤ خێزان گەڕانەوە بۆ پارێزگای سەڵاحەدین (بە زۆری یەثریب)، کە پێویستی کرد بە تێگەیشتن لە پرۆسەی گەڕانەوە کە دەبێت کەسە ئاوارەکان پێی پابەند بن بۆ گەڕانەوە بۆ سەڵاحەدین.

---

[1] زانیاری دەربارەی پرۆسەی گەڕانەوە لە سلێمانیەوە بۆ سەڵاحەدین کۆ دەکرێت لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکانی ڕاگەیەنەرە سەرەکیەکان لەگەڵ لایەنە کاراکانی ئاسایش، دەسەڵاتدارەکانی خۆجێیی، کرێکارەکان لە بواری مرۆیی، موختارەکان، ئاوارەکان وهەروەها گەڕاوەکان کە چوونەتە ژێر باری پرۆسەکەوە. زانیاریەکان کارپێکراوە لە ٢٠ تەمموزی ٢٠٢٠ و نوێ دەکرێتەوە بەگوێرەی پێویست.

تەمموزی ٢٠٢٠

## تێبینیە گشتیەکان

پرۆسەی گەڕانەوەکە لە سلێمانی هەندێك جیاوازە بۆ ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ بە بەراورد کردن لە گەڵ ئەوانەی کە نیشتەجێی دەرەوەی کەمپن. پرۆسەکە بەتەواوی دابەش دەبێت لە نێوان ئەو ڕێکارانەی کە بەڕێوەدەچێت لەلایەن دەسەڵاتدارەکان لە ناوچەی ئاوارەبووندا وەهەروەها ئەو ڕێکارانەی کە بەڕێوەدەچێت لەلایەن دەسەڵاتدارەکان لە ناوچەی گەڕانەوە لە پارێزگای سەڵاحەدین.

## پێش گەڕانەوە

بە شێوەیەکی گشتی، ئەو ئاوارانە کە نیازی گەڕانەوەیان هەیە بۆ گەڕانەوە دەبێت نووسراوێك بەدەست بهێنن لەلایەن بەڕێوبەرایەتی کەمپ یاخود موختاری خۆجێیی (دەرەوەی کەمپ). ئاوارەکان هەروەها دەبێت ئاگاداری ئاسایشی خۆجێی بکەنەوە دەربارەی نیازیان بۆ گەڕانەوە، لە ئەنجامدا کارتی نیشتەجێبوونیان ڕادەست بکەن وە داوای نووسراوێکی مۆڵەت دان بکەن لەلایەن سەرۆکی شارەوانی یاخود نووسینگەی پارێزگار، بۆ ئاسان کردنی گەشتی گەڕانەوەکە و پەڕینەوە بەنێو خاڵە پشکنینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

### ▪ ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ:

**ڕێکارەکانی جێهێشتنی کەمپ**

ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ دەستپێدەکەن بە پرۆسەی گەڕانەوەیان لە ڕێگەی ئاگادار کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی کەمپ بە زارەکی دەربارەی نیازی گەڕانەوەیان. لە پاشان بەڕێوبەرایەتی کەمپەکە نووسراوێك بۆ ئاوارەکان بە هەمان ڕۆژ دەردەکات، کە تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا کەسە ئاوارەکان ئارەزوومەندن بۆ بەجێ هێهێشتنی کەمپەکە و گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان.

ئاوارەکان دەبێت فۆرمی چۆڵ کردن پڕ بکەنەوە بە یارمەتیدانی بزوێنەری بەڕێوبەرایەتی کەمپ بۆ ڕادەست کردنی ئەو کەل و پەلانەی کە شیاوی گەڕانەوەن ( بۆ نمونە، تەنەکەی خاشاك و هەروەها حەوزی چێشتخانە ) کە لە کەمپەکە وەرگیراون بۆ بەڕێوبەری کەمپەکە. وەهەروەها ئاوارەکان دەبێت بەڵگەی فاتوورەی پارەدانی کارەبای مولیدە پێشکەش بکەن. ئاوارەکان کاتێك کەمپەکە بەجێدەهێڵن ڕێگەیان پێدەدرێت ڕەشماڵەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ ناوچەی ڕەسەنیان. سەرەرای ئەمە، ئاوارەکان داوایان لێ دەکرێت کە واژوو بکەن لەسەر ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی کەمپ کە ڕاییگەیەنێ گەڕانەوەکەیان ئارەزوومەندانەیە.

هەروەها ئاوارەکان دەبێت سەردانی نووسینگەی ئاسایش بکەن کە لە کەمپەکەیە بۆ ڕادەست کردنی کارتی نیشتەجێبوونیان وەهەروەها کۆدی ئاسایش. ئاوارەکان ناچنە ژێر باری پشکنینی ئاسایش و چاوپێکەوتن لە نووسینگەی ئاسایش، چونکە پشکنین و ڕوون کردنەوەیان بۆ کراوە هەر لە کاتی سەرەتای هاتنیان بۆ کەمپەکە.

تەمموزی ٢٠٢٠

## نووسراوی ڕێگەپێدان ( نووسراوی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن)

بەڕێوبەری کەمپ داوای نوسراوی ڕێگەپێدان (نووسراوی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن) دەکات لە بری ئاوارەکە لەلایەن سەرۆکی شارەوانی یان نووسینگەی پارێزگای سلێمانی بۆ ئاسان کردنی گەشتی گەڕانەوەکە و پەڕینەوە بەنێو خاڵە پشکنینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی گەشتەکە. چوارچێوەی کاتی بۆ بەدەستهێنانی نووسراوی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن ڕادەوەستێتە سەر خایەندنی ئەو کاتەی کە ئاوارەکە پەراوە داواکراوەکان پێشکەش دەکات وەکو نوسراوی ڕێککەوتن، فۆرمی چۆڵ کردنی کەمپ وەهەروەها بەڵگەی فاتوورەی پارەدانی کارەبای، سەرەڕای ڕێکارەکانی ئاسایش. ئەم ڕێکارانە دەتوانرێت تەواو بکرێت بە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێك. نووسینگەی پارێزگاکە لەوانەیە نووسراوی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن بەهەمان ڕۆژ دەربکات، بۆ ماوەی ئەوپەڕی دووڕۆژ بێت.

نوسراوی ڕێگەپێدان تەنها بۆ ماوەی هەفت ڕۆژ کارایە لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەمەش مانای وایە کە ئاوارەکە دەبێت سلێمانی بەجێبهێڵێت بە ماوەی ئەم کاتە دیاری کراوە. کۆپیەکی نوسراوی ڕێگەپێدان دەنێررێت بۆ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC) و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (MOMD) بۆ داخستنی دۆسیەی ئاوارەبوونی ئاوارەکە. ئاوارەکە داوای لێدەکرێت گەڕانەوەیان تۆمار بکەن لە شوێنی ڕەسەنیان بۆ زامن کردنی مافداریان بۆ وەرگرتنی بەخشینی گەڕاوەکان لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران وەهەروەها هەندێ یارمەتیدانی تر کە دابین کراوە لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران. سەرەڕای ئاسان کردنی پەڕینەوە بەنێو خاڵە پشکنینیەکان، هەروەها نووسراوی ڕێگە پێدان دان بەکار دێت وەك بەڵگەیەك کەوا ئاوارە گەڕاوەکە لە سلێمانی دا ژیاوە. نوسراوەکان و ڕەزامەندیەکان بەخۆڕایی دەردەکرێن بۆ هەموو ئاوارەکانی ناو کەمپ. هاوبەشەکانی پاراستن ڕایانگەیاندووە کەوا ڕاپۆرتیان بۆ هاتووە لە هەندێ باردا ئاوارەکان باج /بەرتیلیان داوە لە هەندێ خاڵی پشکنینەکانی کەرکوك.

- **ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپ**

ئاوارەکان کە لە دەرەوەی کەمپ نیشتەجێن دەبێت سەردانی موختاری شوێنی ئاوارەبوونیان بکەن بۆ بەدەستهێنانی نوسراوی پشتگیری کردن کە ئاراستە کراوە بۆ ئاسایش بۆ ئاسان کردنی پرۆسەی ڕوون کردنەوەی ئاسایش (تێچوونی نوسراوکە ٣ هەزار دیناری عێراقیە)[2]. بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ، نووسراوی یگەپێدان ڕێگە نەگرتن دەتوانرێت لەلایەن ئاسایش، نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی یاخود نووسینگەی پارێزگار (یەکەی کاروباری ناوخۆ) دەربکرێت. هەروەك ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ، کە ئاوارەکانی دەروەی کەمپ پێویستە کارتی نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆدەکانی ئاسایشی ڕادەست بکەن. کۆدی ئاسایش هەر وەکو کارتی ناسنامەی ئاسایشە کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا کەسە ئاوارەکە گشت پرۆسەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەنجامی داوە. نوسراوی ڕێگە پێدان دەتوانرێت بەهەمان ڕۆژ بەدەست بهێنرێت، و لەوانەشە ماوەی دوو ڕۆژی بخایەنێت.

نووسراوی ڕێگەپێدان ڕێگە نەگرتن داوا دەکرێت لە خاڵە پشکنینیەکان بۆ ئاوارە عەرەبەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان لە حکومەتی عێراقی فیدرالی. هەرچەندە، ئەو ئاوارە کوردانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە

---

[2] سێ هەزار دیناری عێراقی بری پارەی پرۆسەکانی فەرمییە کە لەلایەن گشت عێراقیەکان دەدرێت .

زۆرینەیان کوردە وەکو جەلەولا وەهەروەها توز خورماتوو ڕێگەیان پێدراوە هاتوچۆ بکەن لە نێوان شوێنی ڕەسەنیان و سلێمانی بەبێ داواکردنی هیچ بەڵگەنامەیەك کە پەیوەندی بە ئاوارەبوونەوە هەبێت وەك کۆدەکانی ئاسایش یان کارتی نیشتەجێبوون. بەپێی ڕاگەیەنەرە سەرەکیەکان، هەر کاتێك کە دۆسیەی ئاوارەبوونی ئاوارەکان داخرا، ئەوا شایستەکانی ئاوارەبوونیان لەدەست دەچێت لە سلێمانی. سەرەڕای ئەمە، ئەو ئاوارانەی کە نیشتەجێی کەمپەکان بوون ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ کەمپەکان، جگە لە هەندێ باری تایبەت لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئاوارەکە دووبارە ئاوارە بۆوە لە سلێمانی، ئەوا دەبێت دیسان بچێتە ژێر باری ڕێکارەکانی پشکنینی فەرمی لەگەڵ ئاسایش، وەهەروەها لەوانەیە تەنها بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی دەرەوەی کەمپ هەرکە باری ئاوارەبوونیان گەڕێندرایەوە بۆ باری ڕابردوو .

- ## پرۆسەی پشکنین

سەرەڕای ئەمە کەسە ئاوارەکان دەبێت نووسینگەی ئاسایشی خۆجێیی ئاگادار بکەنەوە دەربارەی مەبەستی گەڕانەوەیان، هیچ پرۆسەیەکی پشکنین ئەنجام نادرێت لە پێش گەڕانەوەدا. کەسە ئاوارەکانی ناو سلێمانی پشکنینیان بۆ دەکرێت تەنها لە پێش چوونە ژوورەوەی سەرەتایی بۆ ناو کەمپەکانی سلێمانی. کۆمسیارێك لەلایەن ئاسایشەوە هەیە کە لە هەردوو کەمپی ئاشتی و عەربەتە کە کارتی نیشتەجێبوون و کۆدی ئاسایشی ئەو ئاوارانە کۆدەکاتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان.

دەسەڵاتدارەکان لە پارێزگای سلێمانی (ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان) داوای کۆدی ئاسایشی تایبەت بە ئاوارەکان دەکەن وەك بەڵگەنامەیەکی سەرەکی بۆ دەرکردنی نوسراوی ڕێگەپێدان. بۆیە، تەنانەت ئەگەر بەڵگەنامەکانی ناسنامەی عێراقی (بۆ نموونە ناسنامەی نیشتمانی) بزر بێت، ئاوارەکان ڕووبەڕووی کێشە نابن بۆ بەدەستهێنانی نوسراوی گەڕانەوە لە شوێنی ئاوارەبوونیان.

ڕاگەیەنەرە سەرەکیەکان باسیان لەوە کرد کەوا لە بەرواری ڕاگەیاندنەکە، مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن هیچ کاتێك ڕەت نەکراوەتەوە بۆ ئاوارەکانی ناو سلێمانی، بەڵام ئاوارەکان لە چەندین شوێن لە سەلاحەدین وەکو ناوچەکانی سەعدیە و موقدادیە پێویستە بچنە ژێر باری پرۆسەی ڕوون کردنەوەی ئاسایش لە ناوچەی ڕەسەنیان. لەم جۆرە شوێنانە، ئاوارەکان دەبێت ڕوون کردنەوەی ئاسایش بەدەست بهێنن پێش گەڕانەوەیان.

## ڕوون کردنەوەی ئاسایش لە سەلاحەدین

پرۆسەی پشکنین جیاوازی هەیە کە بە تەواوەتی دەوەستێتە سەر شوێنی ڕەسەن، بەڵام پرۆسە گشتیەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- سەرۆکی خێزان دەبێ گەشت بکات لە سلێمانیەوە بۆ سەلاحەدین وەهەروەها پشکنینی بۆ دەکرێت لە هەموو خاڵە پشکنینەکانی حکومەتی فیدرالی تاکو دەگاتە سەلاحەدین. ڕاگەیەنەرە سەرەکیەکان ڕایانگەیاند کەوا ئاوارەکان لەوانەیە سێ کاتژمێریان پێ بچێت لە هەندێ خاڵی پشکنینی دیاری کراودا.
- لەکاتی چوونە ناو خاڵی پشکنینی شوێنی ڕەسەنی ئاوارەکان، ئەفسەرەکانی هێزی ئاسایشی عێراقی و هێزەکانی حەشدی شەعبی خۆجێیی ناوی ئاوارەکان دووپات دەکەنەوە بەرامبەر داتابەیسەکانیان.
- هەر کاتێك کە ڕەزامەندی لەسەر درا، ئاوارەکە مەبەستی گەڕانەوەکەیان بە نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی ڕادەگەیەنێت.

- ئۆفیسی سەرۆکی شارەوانی فۆرمێك دەردەکات کە پێك دێت لە ناوی سەرۆکی خێزان و ئەندامانی خێزانی هاوەڵ. هەروەها نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی نووسراوێکی ئاسانکەری دەردەکات بۆ خێزانەکە کە پێویستە بۆ گواستنەوەی موڵك و کەل ویەلەکانیان. بۆ ئامادەبوونی ئەم بەڵگەنامە پشتگیریە لەوانەیە یەك ڕۆژ بخایەنێت.

ئەم پرۆسەیەی سەرەوە پەیڕەو دەکرێت لەو ناوچانەی کە زیاتر هەستیارن (لە ڕووی ئاسایشەوە) لە سەڵاحەدین وەکو بێجی، سینیە وەهەروەها تووز. ڕوون کردنەوەی ئاسایش لە سەڵاحەدین بەڕێوەدەچێت لەلایەن چەند لایەنێکی جیاجیای ئەمنی  لەکاتێکدا گەڕانەوە بۆ ناوەندو باشووری ناوچەی سەڵاحەدین لەلایەن سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی سامەڕا بەڕێوەدەچێت.

دەربارەی ئەو ناوچانەی کە زیاتر ئارامن لە سەڵاحەدین وەك ئەلدوور، ئەم پرۆسە ڕوون کردنەوەیەی ئاسایشیە زۆر توندە چیتر پەیڕەو ناکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئاوارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پاش تەواو کردنی ڕێکارە داواکراوەکان لە سلێمانی وەهەروەها گەڕانەوەکەیان دووپات بکەنەوە  لەگەڵ موختاری شوێنی ڕەسەنیان، پۆلیسی خۆجێیی وەهەروەها نووسینگەی ئاسایشی نیشتیمانی (سەرەڕای هێزی حەشدی شەعبی ئەگەر هەبێت).

گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە لە هەندێ ناوچەی دیاری کراو لە سەڵاحەدین، داواکاری زیاتری خێڵەکی هەیە کە مەرجی سەرەکین بۆ گەڕانەوە. بۆ نمونە، هەندێ لە خێزانە ئاوارەکان ڕووبەڕووی ململانێی خێڵەکی دەبنەوە کە داوای پێدانی باجی ئاشتبوونەوە یان قەرەبووکردنەوەی "خوێن" دەکات بە بڕی ٥٠٠ هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر خێزانێك پێش گەڕانەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنیان. هەرچەندە، ئەم پارەدانە گەرەنتی ئەوە ناکات کە ڕێگە بە گەڕانەوەیەکی سەلامەتی بدات بۆ ئەم خێزانانە. زۆربەی ئاوارەکان توانای ئەوەیان نیە ئەم بڕە پارەیە بدەن وەهەروەها لەوانەیە بیر لەگەڕانەوە نەکەن لەبەر ئەم جۆرە داواکاریە خێڵەکیە کە لە ئارادایە. ئەو خێزانانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ داعش داوایان لێ دەکرێت کە بچنە ژێرباری پرۆسەی ئاڕەزایی (بێ بەریی بوون).

- **یاداشت**
- ڕاگەیەنەرە سەرەکیەکان ڕایانگەیاندووە کەوا بەپێی ئەوەی هەتا ئێستا هیچ ئاوارەیەك نووسراوی مۆڵەتی ڕێگەپێدان ڕەت نەکراوەتەوە، پرۆسەکە بە نادیاری دەمێنێتەوە کەوا یاداشتەنامەکە چۆن دەکرێت لە حاڵەتێك ئەگەر ئەم نووسراوە بۆ کەسێکی ئاوارە پەسەند ناکرێت  حاڵەتەکانی تۆمەتبار کردنی نارەوا یان لێك چوونی ناوەکان دەتوانرێت چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی ڕێکارەکانی یاسایی و دووبارە کردنەوەی پشکنینەکانی ئاسایش.

## پرۆسەی گەڕانەوە

- **گواستنەوە:**

ئاوارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی ئۆتۆمبیلی کەسی، تەکسی یاخود پاس بەکار دەهێنن بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەن. لە هەندێك حاڵەتدا، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران پاس دابین دەکات بۆ خێزانە گەڕاوەکان، دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان لە ناوچەکانی ڕەسەن لۆری بەکرێ دەگرن بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی کەسی ئاوارەکان بە هاوملی لەگەڵ پاسەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران.

- **زانیاری گەڕانەوە**

ئاوارەکان پشت دەبەستن بە  زانیاری گەڕانەوە لەلایەن خزمەکانیان لە شوێنی ڕەسەنیان، ئەندامانی کۆمەڵگا وەهەروەها هاوڕێیانیان. گەڕاوەکانی ئەم دواییە لە سلێمانیەوە بۆ سەڵاحەدین ئەو خێزانانە دەگرێتە خۆی کە ئەندامانی خێزانیان هەیە  کار دەکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە لە شوێنی ڕەسەنن وەهەروەها زانیاری ڕاستەوخۆیان هەیە دەربارەی بارودۆخەکان لە شوێنی ڕەسەن.

## پاش گەڕانەوە

- **لە ناوچەکانی ڕەسەن**

کاتێك ئاوارەکان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان لە پارێزگای سەڵاحەدین، سەرۆکی خێزانەکە پێویستە گەڕانەوەکەی لەلاین موختاری خۆجێیی، پۆلیسی جۆجێیی و نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی دووپات بکاتەوە بۆ زامن کردنی گەیشتنی بە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت وەهەروەها بۆ ئاسان کردنی تۆمار کردن لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران. بۆ گەڕاوەکانی سامەراو بەلەدو دوجێل، هەروەها دەبێت پەسەندکردن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان لەلایەن موختاری خۆجێیی بەدەست بهێنن، جگە لە دووپات کردنەوەی گەڕانەوەیان لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان.

- **تۆمار کردن لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران**

تۆمار کردن لەگەڵ نووسینگەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران شیانی خێزانە گەڕاوەکان زامن دەکات بۆ وەرگرتنی بەخشینی گەڕانەوە کە لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەدرێت بە بڕی ١,٥٠٠,٠٠٠ دیناری عێراقی، کە دابەش دەکرێت بەپێی ئەوەی کێ یەکەم کەس بێت یەکەم کەس خزمەت دەکرێت. دابەش کردنی بەخشینەکە هێواش بۆتەوە، تەنها ٣٩,٩٣٦ خێزانی گەڕاوە لە ٨٠٠ هەزار خێزان بەخشینەکەیان وەرگرتووە لەسەرتاپای وولاتدا. سەرەڕای بەخشینی گەڕانەوە، ئاوارەکان لەوانەیە سەبەتەی خۆراك وەهەروەها کەل و پەلی ناخۆراکی وەربگرن کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دابەشی دەکات  لەسەر بنەمای تایبەت کراو.

- **داخستنی دۆسیەی ئاوارەبوون**

کاتێك کە ئاوارەکان گەڕانەوەکەیان تۆمار دەکەن لەلایەن نووسینگەی خۆجێیی سەر بە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، دۆسیەی ئاوارەبوونیان دادەخرێت. بەڵگەنامەکان ئەوەی پێویستە ئاوارەکان پێشکەشی بکەن بۆ داخستنی دۆسیەی ئاوارەبوونیان کە بریتین لە بەڵگەنامەی ناسنامەی نیشتمانی، سیستەمی دابەشکردنی گشتی، ڕەگەزنامە، کارتی نیشتەجێبوون، نوسراوی پشتگیری کردنی نێشتەجێبوون کە لەلایەن پۆلیس، دەسەڵاتداریی خۆجێیی یاخود مۆری موختاری لێدراوە، نوسراوی داخستنی دۆسیەی ئاوارەبوون، کە لە حالەتێك ئاوارەکان لە سلێمانی بگەڕێنەوە دەبێتە نووسراوی  ڕێگە نەگرتن کە لەلایەن سەرۆکی شارەوانی یاخود پارێزگار بەدەست هێنراوە.

- **بارودۆخەکانی ژیان لە ناوچەکانی گەڕانەوە**

گەڕاوە دوابەدواییەکان لە سلێمانی زۆربەیان لە ناوچەی-لاوەکی یەثریبی سەر بە ناوچەی بەلەدن، ئەو شوێنەی کە یەثریبی لێیە، بارودۆخێکی سەختی گەڕانەوەی تێدایە. بەپێی داتای گەڕانەوە هەر لەو کاتەی کە ڕاپۆرتەکە ئامادەکراوە، یەثریب ٣٥,٠٨٢ گەڕاوەی هەیە، کە هەموویان لە بارودۆخێکی سەختی زۆر دەژین. پاڵنەری سەرەکی

بۆ سەختی بارودۆخ ، ڕوخانی شوێنەکانی نیشتەجێبوونە، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی هەیە سەبارەت بە سەلامەتی، ئاسایش وهەروەها یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی[3]. هەرچەندە دووبارە بنیاتنانەوەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون بەردەوامە، بەڵام بارودۆخەکانی ژیان لە ناوچە لاوەکیەکان نیگەرانی تێدا دروست بووە دەربارەی بەردەوامی ئەم گەڕانەوانە.

[3] سەیری پێنوێنی گەڕانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بکە، سەلاحەدین، حوزەیرانی ٢٠٢٠.